# دەسەڵات , بەرهەڵستکار

# هیچکامیان

**دارا عەزیز**

**گەر بزاف و هەڵس وکەوتی دەسەڵات و بەر هەڵست دەقاودەق ڕەنگدانەوەی یەکدی نەبن، ئەوا دیاری کەری بەشی هەرە زۆری مۆراڵی یەکترین. (فەرهەنگی باو فەرهەنگی چینی باڵا دەستە) ئەم واژەیە نیوەی ڕاستیەکەیە، نیوەکەی دی ئەوەیە کە فەرهەنگی هەر کۆماڵگایەک دیاری کەری هەڵس و کەوتی دەسەڵاتی ئابوری سیاسی ئەو کۆمەڵگایەیە. واتە چەند دەسەڵاتی سیاسی رۆڵ وازی ئەکات لە ئاراستە کردنی هـــــەرکۆمەڵگایەکدا ئەوەندەش بەرهەڵستکارو ئۆپۆزسیۆن کاران لە ڕەنگ ڕشتن و گۆڕینی کردارو ئەتواری سیستەمە سیاسیەکاندا.**

**کاتێک لە کوردستان دەسەڵات لە سەر ڕیتمی خێزان، خێڵ و بنەماڵە فۆرمۆڵە ئەبێت، کۆمەڵگاش لە پێکهاتە ڕێکخراوەی و جڤاتیەکانی خۆیدا هەمان وێنەی پارت و دابەشبونە سێکتاریەکان دوپات ئەکاتەوە. ئەوە لەخۆڕا نیە سەرکردەکانی ئێمە هەڵگری نەعتە خێزانیەکانی وەک ( باب، مام، کاک، خوشک)ن. ئەم ناونانانە ڕێک گواســـتنەوەو کار پێکردنی بەهـــاو ڤالوە خێزانی و خێڵەکیەکـــانە بۆ کایە سیاسیەکان و ڕکەبەری و ململانێکانیش بەشەریعەتی هەمان دامەزراو کار دەکەن.**

**بۆیە سەیـــر نیە گەر واژەی (لەپشتی براکەت بە، زاڵم بێت یان مەزڵوم) سەرتاپای جوڵانەوەی پارت و گروپە کوردیەکان داگیربـــکات. بەهـا مۆدێرنەکانی ئازادی، لێبوردەیی، جیاوازی...هتد. بچوکترین ئامادە بونیان نیە وەک پاڵنەرێک بۆ هیچ کردارێکی گروپی کوردی.**

**هەستان بە گەورەترین تاوان دژی ئەوی دی، گروپی کوردی ڕوبەڕوی شەرمنانەترین سەرزەنشت ناکاتەوە. ئەوەی ئەندام چاوەڕوانە لە گروپی کوردی جگە لە داڵدە دان، دەستخۆشی و پشتگیری هیچی دی نیە. دواڵـــیزمی خزم و بێگانە ئەو دواڵیزمەیە گروپی کوردی بەڕێوە دەبات. پانتای وڵاتی خزم بچوکە بەقەد ڕوبەری خێڵ و ناوچەو خێزان.**

**ئەم پاسۆلۆجیایە سەرتاپای پێکهاتی سۆسیولۆجی ئێمەی گرتۆتەوە. پرۆتێست و خۆپیشاندانەکانی کوردستان ئەو بێ نەزمی و بێ ئاسۆی و نەبونی ستراتیژو یان بونی ستراتیژی خێڵ و ڕێکخستنی عەدەمیانەی سکتاریستی کۆمەڵگای ئێمەی نیشاندا. ئەوەی نیشاندا ئێمە وەک نەتەوەیەک هیچ پرۆژەیەکی گشتی و گەورەمان نیە. گەورەترین خەونی ئێمە چوارچێوەکەی پارت و گروپ و خێزان و خێڵە.**

**ئێمە کۆمەڵگایەکی دیستینکت نین و هیچ بەهایەکی باڵامان لە دەرەوەی ناوچەو پێکهاتی خێزان نیە. ئەو خۆپیشاندانانە بە ساڵ یادی هەڵەبجەشەوە ڕونترین وانەیان ڕەنگە ئەوە بێت کە ئەوە تەنها جوگرافیای دەسەڵات نیە کە هەڵگری بەهاو ترادیسیۆنەکانی بەعس و دەسەڵاتە داپڵۆسێنەرو ڕەهاو تۆتالیتاریەکانە. بەڵکو لە بەرەی بەرهەلستکاریشدا بەهاکانی ڕوخان گەرایـــــی، نامۆبون بە دەزگاو دامەزراوە گشتیەکان، بێگـــانەبون و نەبینینی هیچ جۆرە نزیکی و ڕایەڵیک بە بەڕێوەبردن و دەسەڵاتەوە ئامادەییەکی هەراش و کارایان هەیە.**

ئەم ڕوداوانە گەر شتێک بڵێن ئەوەیە کەتائێستاش شتێک نیە بونی ستراتیژی هەبێت چ لای خەڵک یان لای دەسەڵات. هەستیار ترین کێشە ئەشێت بکرێتە هەرزانترین یەکەی گەمەی سێکتاریزمی گروپ و پارتەکان. بەوپەڕی ناخۆشحاڵیەوە زۆر ڕوداوی وەک شەڕو ململانێی ئەم گروپانەو هەناسەی بەرهەڵسکاران هەندێ جار دەتدەنە دەست ئەو گومانە شەیتانییەی کە کورد ئەوەندەی پارتی و یەکێتی، سلێمانی و هەولێری، هەڵەبجەی و شارەزوری، سۆرانی و بادینی...هتد. ئەوەندە نەتەوە نیە.

چەند دەستدانە چەک و نیشانە گرتن لە سەر سنگی لاوان و خەڵکی ئەم وڵاتەو خەڵتانی خوێن کردنیان بەبێ هیچ داوای لێبوردن و پەشیمانیەک ئاسانە بۆ ئاسایش و گاردی پارێزەری کانتۆنی حیزبی، ئەوەندەش میلیتانت گەرایی و ڕوخاندن و ئاگر تێبەردانی باخچەی ساوایان و خوێندنگاو کتێبخانە ئاسانە بۆ بەرهەڵستکار. چەندە تەقەو کوشتن یەکەم ئۆپشنی ئاسایشە ئەوەندەش ڕوخان و گڕتێبەردان ئۆپشنی بەرهەڵستکارە. ئەمانە وانەگەلێکن کە کورد هەر لە چەندین دەیەی دەسەڵاتە تۆتاڵیتاریەکەی بەعسەوە فێرنەبوە. ئەمڕۆ کوردستان هەم وەک پانتایی جیۆسیاسی، هەم وەک ئەتمۆسفێری سایکۆ سیاسی،ژینگەیەکی لەبارە کە چ دەسەڵات چ بەرهەلستکار تا ڕادەی بێمانایی سڵ لەبەکار بردنی توندوتیژی نەکەنەوە.

ڕۆژانە هەڵکوتانە سەر بێشکەی ساواو سفرەی ڕاخراوو ژوری نوستن بەرزگار کردن و بەرگری کردن لە ئاسایش و دژایەتی کردنی تیرۆریزم بە خەڵک ئەفرۆشێت، لەولاشەوە ڕەشترین کردەوەی کوشتن و کاولکاری بە بەرهەلستکاری. کۆکردنەوەی هەزاران کەس و هاندانیان بۆ کاولکاری و ڕێگەگرتن لە ئازادی ڕادەربڕیـــن و ڕەخنە گرتن و بارگاویکردنیـــان بە ئایدۆلۆژیـای ڕەش و نائەقڵانی ئەوە نیشـــان دەدات کە کوردستان بەشێکی هەرگیز دانەبڕاوی عێراقە. درێژکراوەی هەمان پێکهاتی سیاسی و ئەتنۆگرافیە.

هەم دەســەڵات و هەم بەرهەڵستــکاریش هەرگیز بەم جۆرە کاراکــتەرانەیان یەکەی کۆمەڵگایەکی جیاوازو مۆدێرن نین و ناتوانن کوردستانێکی سەربەخۆو دیموکرات و جیا بنیات بنێن.